# بەدیعە دارتاش "ڕەنگە ٢٠% بۆ خۆم نەژیابم و منیش وەک هەر مرۆڤێک خاوەنی کۆمەڵێک هەستم، بەڵام تا ئێستا نەمخستونەتەڕوو"

**چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ژنە شانۆکارو دەرهێنەری شانۆی کوردی (مامۆستا بەدیعە دارتاش) لەرۆژی جیهانی شانۆدا.**

**هونەر دەتوانێت ڕۆڵ ببینێ لە گۆڕانکاری کۆمەلایەتی لە کۆمەڵگادا، بالًی گرنگی ئەو گۆڕانکاریە مەسەلەی ژنە،تۆ وەک ژنێک هەست دەکەیت هونەری شانۆ کە بەشێکە لەو هونەرە توانیبێتی ئەو ڕۆڵە ببینێ؟**

بێ گومان شانۆ لە ناو ژیانی ڕۆژانەو خەمو ئازارەکانی خەڵکیدا لە دایك بووە، ئەم شانۆیەش سیمایەکی زۆر تایبەتی لە خۆ گرتووە، ئەوەی ڕاستیو واقعی ژیانی ڕۆژانەو ئێشو ئازارەکانی میللەتەکەمانە ئەتوانین لە ڕێگەی شانۆوە دەربڕین، بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانیە ئەو شۆڕشو گۆڕانکاریەی ئەبوو بکرایە بە تایبەت لە مەسەلەی ژنان ئەبوو مـن بمکردایە ، لەبەرئەوەی من یەکەم ژن بووم کە بەڕێکەوت نەك ئاستی ڕۆشنبیریم لەو کاتەدا چوومە ناو شانۆوە، بەڵام کە چووم ئیتر هەستی نەتەوایەتیم بزواو خۆم وەك دایکێکی ئەو میللەتە سەیر کرد، دەبوو ئەو ئیشو ئازارانەی کە نەتەوەکەمو ژنان هەیانە لە ڕێگەی شانۆوە بخەمە ڕوو، ئەو تەختەیەی کە دەبێت لە سەری ڕاستگۆ بین لەبەرئەوەی شوێنێکە درۆی تیا ناکرێت، ووشەکانو هەستەکان لە عالەمی مەسرەحدا وات لێ دەکات ڕاستگۆ بیت بۆئەوەی بتوانیت تەئسیر لە بەرامبەرەکەت بکەیت، هونەرمەند لەڕێگەی شانۆوە دەتوانێت دوو خاڵ بپێکێت یەکەم بتوانێت قەناعەت بە بەرامبەرەکەی بکات، دووەم بتوانێت خەڵك بهەژێنێت، ئەویش یان لە ڕێگەی ئەقڵەوە یان لە ڕێگەی سۆزەوە، ئەگەر هەردووکی بێت باشترە کە بتوانیت بە ڕامبەرەکەت ڕاکێشیت بۆ ئەو دنیا هونەریەی کە ئەتوانێت گۆڕنکاریو چارە سەری زۆر لە کێشەکان بکات، بەڵام بە داخەوە هونەری شانۆ تا ئێستا ئەو ڕۆڵەی نەبینیوە بەخۆشمەوە کەسمان نەمانتوانیوە مەگەر جارجارە چمکێکی کێشە کۆمەڵایەتیەکانمان گرتبێتو تێهەڵکێشمان کردبێتەوە لەگەڵ مەسەلەکانی تردا، تەنانەت لە ئێستادا دەربارەی مەسەلەی ژنان هیچ بۆ پێشەوە نەچووە، لەبەرئەوەی زۆر کەم ژنمان هەبووە دەوری ژن ببینێ وەك خودی ژن، پیاو هیچ کات ئەگەر ئاستی ڕۆشنبیریشی فراوان بێت، ناتوانێت وەك ژنێکی دەرهێنەر گوزارشت لە ئیشو ئازارەکانی ژنان بکات، لە بەرئەوەی زۆربەی چەوسانەوەکان لە کۆمەڵگادا پیاون ئیتر چۆن ئەتوانن گوزارشت لە منێك بکەن، لە هەمان کاتدا ژنیش نەیتوانیوە ئەو ڕۆڵە ببینێ وەك پێویستی کێشەکان.

**تا چەند زەمینەی کۆمەڵگای کوردی لە باربووە بۆ هاتنە سەر شانۆی ژنان؟**

هەموو شتێك قوربانی دانی دەوێت، لەلای ئێمەش ئەو قوربانیدانە نییە،من حەز دەکەم ئەوە بڵێم کە شانۆ هاوسەرو شووی بیر بردمەوە،ئەوەندە خۆشەویسیم بۆ شانۆ هەبوو بۆ ئەوەی ووشەیەك بگەیەنمە جەماوەرکەمو تۆزێك هەستو سۆزیان ببزوێنم تا ئاوڕم دایەوە تەمەن تێپەڕی، بەڵام ژنان خۆیان کەم تەرخەم بوون ئەگەرنا زەمینە لە بار بووە، چەندەها خوێندکاری کچم هەبووە باوکیان پاڕاوەتەوە کەنوسخەی دووەمی من بن، بەڵام لە دوای پێنج ساڵ خوێندنو خۆ تەرخان کردن بۆ ئەو بوارەو کە تائێستا نزیکەی ٤٠٠ کچی دەرچوی بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکانمان هەیە، بەڵام لە بواری شانۆو نمایشدا کەمیانم بینیوەتەوە، ڕەنگە ترسیان هەبێت لە قسەی کۆمەڵگا کە لەوە ئەچێ وەك من دوایی شوو نەکات یان دواتر مێردەکەی بیداتەوە بە چاویا کە لەگەڵ کوڕێك دەوری بینیوە، بەڵام مرۆڤ دەبێت قوربانی بدات هیچ شتێك لە خۆوە دروست نابێت، لە کاتێکدا زۆر کەسیش هەبووە زەمینەش لەبارنەبووەو توانیویەتی زەمینە بڕەخسێت.

**پێت وایە ئاستی نووسینی دەقە شانۆیەکان لەوەدابووە کە ژن وەک بوونەوەرێکی سەربەخۆ سەیر بکات، یان تا چەند ژنانی شانۆکار مل کەچی ئەو دەقە شانۆییانە بوون کە خود بوونی ئەوانی سڕیوەتەوە؟**

بە داخەوە هەمیشە ئەوە دەڵێم نووسەرەکانی شانۆ یان دەرهێنەرەکان دەچن وێنەیەك دەهێنن کەسێك دەکەنە مەهزەلە بۆ ئەوەی خەڵکی بێننە پێکەنین وەتێیدا خودبوونی ژن بە چەپۆك دادەگیرێتەوە کە ئەمە جێی نیگەرانیە، ڕەنگە من زۆر کات تەکلیفیان لێ کردبێتم لە درامایەکی تەلەفزیۆنی دەورێك ببینم من هیچ کات ئامادە نەبووم، لە بەرئەوەی دواتر دەیبینمەوە هەست ناکەم هیچ هەقێك درابێت بەو درامایە لە ڕووی ئەوەی کە ژنێك دەورەکە دەبینێت، هیچ کات ژنی کورد بەو شێوەیە نابینم کە لە هەندێ درامادا دارێژراوە، ژن زۆر لەوە گەورەترە ڕەنگە زۆرێك لەو ژنانەی کەمل کەچی هەندێ دەق دەبنو خوودبوونی خۆیان بیر نامێنێت یان بۆ مەسەلە مادیەکە بێت یان بۆ خۆ دەرخستن بێت، لە بەرئەوەی لە زۆریان دەبیستمەوە دەڵێن ئەی ئەوە نەکەین چی بکەین، لێرەدا دەکرێت گلەیش لە ڕێکخراوەکانی ژنان بکەم کە هۆشیاریە کی کۆمەلایەتی وەهایان نەداوەتە ژنان لە کاتێکدا داکۆکی کارن لە مەسەلەکانی ژنان، ڕەنگە زۆر جار داوام لێکردبن کە کارێکی شانۆیی یان درامایی بکەین دەربارەی کێشەکانی ژنان وە مۆرکی ژن بوونی پێوەدیاربێت، بەڵام ئامادە نەبوونو دەستگیرۆدیان نەکردووم.

**پێت وایە کارکردن لە شانۆ بۆ ژنان گۆڕانکاری تیابووە، لە کاتێکدا ئەو توانایەی لە ژنی ئەوکات دەبینرا لە ژنی ئێستادا نیە؟**

هیچ گۆڕانێك نەبووە لەبەرئەوەی کەژن خۆی نایەوێت، ڕەنگە من ئیتر باوەڕم نەمابێت کە ئیشێك بۆ ژنان بکەمو ئیشو ژانەکانیان بخەمە ڕوو، لەبەر ئەوەی لەم شانۆگەریەی ئاخرمدا لەگەڵ ئەوەی پێویست بوو کۆمەڵکی زۆر لە ژنان ئامادەبن لەکاتێکدا خۆم تەکلیفم لێ کردبوون، بەڵام بەداخەوە کەس ئامادە نەبوو، تەنانەت وام لێهاتبوو دەهۆڵێك بێنمە بەردەم هۆڵەکە تا خەڵك کۆدەبێتەوە دواتر بیانکەمە ژوورەوە تاسەیری شانۆکە بکەن، ئیتر نازانم کێ بەرپرسە لەوەی کەژن شانۆی خۆش ناوێت کاتێکیش کە خۆشی نەوێت گۆڕان دروست نابێت بۆ ئەو کەسە یان وئەو ڕەگەزە ، لە کاتێکدا بەشی شانۆ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان فراوان بووە، کەسی ئەکادیمی هەیە، لە ڕووی ئازادیەوە ئازادی فەراهەمترە،بەڵام ئەمانە لە پێشتر ووجوودی نەبوو دەبوو شۆڕشت بۆ بکردایەو لە شانۆکەشتدا سەرکەوتوبویتایە، لە ئێستادا کەرەسەکان فەراهەمە گۆڕانەکە دەکەویتە سەر ژن خۆییو بەشێکیش کۆمەڵگا.

**پێت وایە ژنانی ئێمە لەسەر شانۆ هەرچەندە ژمارەیان کەم بێت توانیویانە گوزارشت لە مێینەیی خۆیانو ئەو ستەمانە بکەن کە لەسەریانە؟**

بێ گومان نەیانتوانیوە گوزارشت لە مێینەیی خۆیان بکەن ڕەنگە ئەوان بە دەرەجەی یەك تاوانبار نەبن ئەوە گوناهی دەرهێنەرێکە کە دێت دەورێك دەدات بە کچێكو دەیکات بە دایکی کچێك کە لە ئەو گەنجترە، ئەگەر ئەو درکی بەوە بکردایە ڕەنگە بیتوانیایە درك بەو ستەمانەش بکات کە لە سەر ژنەو ژن لەوێدا بیتوانیایە گوزارشت لە خۆی بکات، (دەورەکان تا ئێستا بۆ گۆڕان نەبووە لە ئیشو ئازارەکانی ژنان، بەڵکو هێشتنەوەیان بووە لەو بارودۆخەدا).

**دەڵێن بەدیعە شانۆکارێکی باش بووە و باشە، بەڵام خۆپارێزە؟ تا چەند ئەم خۆپارێزیە ڕێگر بووە لەبەردەم ئەوەی هەستە مێینەکانت بخاتە ڕوو؟**

ڕاستە من تا ئەم کاتەش خۆپارێزم، (پیرۆزی شانۆ وای لێ کردم کە خۆ پارێزبم) بۆ ئەوەی کاتێك من شانۆیەك دەکەم ئەوەندە متمانەم هەبێت لە لای خەڵکی کە بتوانم قەناعەت بە شانۆکەم بکەن، ڕەنگە ئەم خۆپارێزیەم ڕەنگدانەوەی لە سەر خوێندکارەکانیشم هەبووبێت، نەم هێشتووە هیچ کات کوڕێك لەمسی کچێك بکات ،بۆ ئەوی ئەوەندە واتاو پیرۆزی شانۆ لە ناخیدا بێت وەك مرۆڤێك سەیری ئەو کچە بکات کە هاوڕێیەتیو دەوری لەگەڵدا دەبینێت، کاتێك لە سەر شانۆ پێی ووت خۆ شم ئەوێیت لە ناو قوڵایی ناخییەوە بێتە دەرەوە نەك وەك دروست کردنێك. وە من هیچ کات دژی هەندێ شت نیم ،بەڵکو ئە لًقەم بۆ زۆر لەو کوڕو کچانە کڕیوە کە لەوێ زەواجیان کردووە لە بەرئەوەی قیمەتی زێڕ لای زەڕەنگەرە ئەو دەزانێت شانۆ چیەو چی لێ فێردەبیت، بەڵام ئیمە نابێت لە ڕوئیاکانی خۆمانەوە سەیری شتەکان بکەین، بێ گومانیش بەهۆی ئەم خۆپارێزیەمەوە ڕەنگە ٢٠% بۆ خۆم نەژیابم و منیش وەک هەر مرۆڤێک خاوەنی کۆمەڵێک هەستم، بەڵام تا ئێستا نەمخستونەتەڕوو.

خۆشیشم لە خۆم حەرام کردووە، بەڵام لەم خۆپارێزیەم خۆم بە تاوانبار نازانم.

**بەدیعە دارتاش وەک شانۆکارێکی بە ئەزموون کام هۆکار بۆ لاوازی ژن لە هونەر دەگەڕێنێتەوە؟ ژن خۆی؟یان کۆمەڵگای کوردی؟**

من ناتوانم بڵم ئەو بەرپرسە هەریەکە لەو هۆکارانە ڕۆڵیان هەبووە لە دوورخستنەوەی ژن لە شانۆ، بۆ نموونە لەو کاتەوەی پەیمانگای هونەرە جوانەکان کراوەتەوە تا ئێستا هیچ بەرهەمێکمان نەبووە، بە تایبەت لە سەر مەسەلەی ژنان، بە تایبەتیش ئەو ژنانەی لە بەشی شانۆ دەرچوون، بۆ ئەمەش هەم ژن هە م کۆمەڵگا، پیاویش لە ناویدا تاوانبارە، کە ژن لەو بوارەدا لاوازە، تەنانەت ئێمەی هونەرمەندیش تاوانبارین کە نەمانتوانیوە ئەوە بکەین.

**دەڵێن بەدیعە دارتاش تورەیە لە ئێستادا ؟**

من تورە نیم ، بەڵام لە ناهەقی تورەم ئەم هەموو ماندوو بوونەمان بە شانۆوە، بەڵام کەس نەبێت سەیری بکات، ئاخر ئەم قەیرانە بۆ بە سەر شانۆی کوردیدا هاتووە ، لە وڵاتی سوید لە ڕۆژێکدا ٤٠٠ شانۆ دەکرێت ئەم هەموو بینەرەی هەیە، بەڵام لە لای ئێمە لە ساڵێکدا ٤ شانۆ ناکرێت ئەوەش بینەرە بەو شێوەیە پێشوازی دەکات. لە بینەری سلێمانی تورەم لە پێش ڕاپەڕین کە شانۆ دەکرا چوار دەرگا دەشکا تا خەڵك دەچووە ژوورەوە بەڵام ئێستا بە داخەو شانۆی کوردی تووشی قەیران بووە.

**ئا/ مەستورە**



---

بەختیار عەلی

## فرۆشتن

بەرلەوی "با"ڕاوم بنێت،
بەرلەوەی دەریا ڕۆحی من بەم
کەشتیانە بفرۆشێت
بەرلەوەی تۆفان بە بێدەنگییە
قوڵەکانمەوە، لە خودا بمکڕێتەوە
دەمەوێت خۆشەویستی تۆ
بفرۆشمو بڕۆم بۆ دورگەیەکی
ئاسنینو
لەوێ بمرم
لە بازاڕەکاندا دووکانداری زۆرم
بینی، سەوای عەشقی تۆیان
کرد
کێشانەی زۆرم بینی
خۆشەویستی تۆیان بۆ کێشام
بەڵام کەسیان کڕیاری
خۆشەویستی نەبوون
وەك چۆن بولبولێکی دیل لە
قەفەزدا فڕینی خۆی بە خەیاڵ
دەپێوێت
خۆشەویستی تۆم پێوا
دوا جار دەمەوێت خۆشەویستی
تۆ بپێومو بچم بۆ شارێکی دیو
لە ژێر سێبەرەکانیدا بمرم،
ئیدی لە کوچەکاندا ئەوانە
بانگیان کردم، کە خۆشەویستی
دەکڕنەوە
بە بازاڕەکاندا ئەوانەی عەشق
دەفرۆشنەوە سەوایان لێکردم
بەڵام کەسیان نرخی
خۆشەویستی تۆیان نەدامێ
ئەزیزم بەرلەوەی خودا
بمفرۆشێو ئەهریمەن بمکڕێتەوە
دەمەوێت عەشقی تۆ بفرۆشمو
بڕۆم بۆ بەحرێکی دوورو
بیر لە کۆتایی بکەمەوە
ئەگەر کڕیارێکم بۆ عەشقی تۆ
هەبێت، ئیدی باکم بەهیچ
نی‌یە،
دەمەوێت بەرلەوەی بمرم بزانن،
عەشقی تۆ ئاسان نییە،
بەڵام ئەوەتا ئەگەر چی
ئەستێرەو سەرابو یاقوتی
نەبینراوی زەریاشم دەدەنێ
هێشتا کەس نرخی ئەڤینی تۆ
نازانێت..
کەس نرخی خۆشەویستی تۆی
پێ نییە
—

لەسایتی چراکانەوە